هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک یان برایەکی بکات لە پێناوی خودا، ئەوا یەکێک بانگ دەکات: ئاسوودە بیت، وهەنگاوەکانت پیرۆز بن، وشوێنی نیشتەجێبوونت لە خانوویەکی بەهەشتدا بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سەردانی نەخۆشێک یان برایەکی بکات لە پێناوی خودا، ئەوا یەکێک بانگ دەکات: ئاسوودە بیت، وهەنگاوەکانت پیرۆز بن (پاداشتت زۆر بێت)، وشوێنی نیشتەجێبوونت لە خانوویەکی بەهەشتدا بێت».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک بچێت بۆ لای نەخۆشێک یان بۆ لای برایەکی لە پێناو خوای گەورە ئەوا فریشتەیەک بانگی دەکات لە لایەن خوداوە بەوەی کە خودا لێت خۆشبووە وئاسوودە دەبیت بەو پاداشتەی پێت دەبەخشرێت، وخانوویەکت پێدەبەخشرێت لەناو بەهەشتدا کە تێیدا نیشتەجێ ببیت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3442